**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1)ی رۆژی 2009/1/21دا ئەم یاسایەی دەرکرد:-

## یاسای ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 2009

## یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 2005 هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:**

1- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق.

2- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچواند و ناڕەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

**دووەم:** دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست رۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك رۆژی

هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی ڕەت نەکات.

**پازدەم:** دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکان لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**نۆزدەم:** سەرۆکی هەرێم هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

## ماددەی دووەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

## ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

## ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقائیعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (2) ی سالی 2009 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکرا